ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**سیدی سووتاندن لە ویندۆز XP.**

نووسەر: @:

ویندۆز XP زۆر تەیبەتمەندی هەیە کە لە ویندۆزەکانی پێشتری دەیخاتە پێشەوەو و لەوان خۆشەویست تری دەکات لەی بەکارهێنەرانی. یەکێک لەو تایبەتمەندیانە، سیدی سووتاندنە بە بێ پرۆگرام هەبوون.

لە ویندۆز XP دا دەتوانرێت سیدی Data بسووتێنرێت، بە چەند هەنگاوێکی ئاسان. لەم وانەیەدا ئەو هەنگاوانە شیدەکەمەوە و هیوادارم سوود ببەخشی بە باکرهێنەرانی ویندۆز XP.

ئەو پەڕگانەی کە دەتەوێت بیانسووتێنیتە سەر سیدی، بیاننێرە بۆ نێو سیدی سووتێنەری کۆمپیوتەرەکەت. بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێت.

پەڕگەکان دیاری بکە، کرتەیەکیان لێبکە بە لای ڕاستدا، پاشان Send To، و بینێرە بۆ نێو سیدی سووتێنەری کۆمپیوتەرەکەت.




پاش تەواو بوونی ناردن، لە تەنیشت کاتژمێری کۆمپیوتەرەکەوە پەیامێکت بۆ دێت کە دەڵێت پەڕگەی ئامادە هەیە بۆ سووتاندن و چاوەڕوانی سووتاندنن بۆ سەر سیدی. کرتەیەکی لێ بکە



ئەگەر ئەو پەیامەی سەرەوەت بۆ نەهات، دەتوانی خۆت بڕۆیتە نێو My Computer و پاشان سیدی سووتێنەر.

لە نێو سیدی سووتێنەردا دەبینی لە پەڕگەکان بۆ ڕەنگێکی ناسکتر لە ئەسڵی خۆی لەوێدان. لە بەشی چەپەوە کرتە بکە سەر Write These Files To CD.




لە پەنجەرەی داهاتوودا ناویک بۆ سیدیەکە بنووسە



2> ئەگەر ناتەوێ پاش تەواوبوونی سووتاندن پرسیارت لێبکرێتەوە دەتوانی ئەو خاڵە چالاک بکەیت. Next کرتە بکە




وەک لە وێنەی سەرەوە روونە ئەگەر سیدیەکی بەتاڵت نەکردۆتە نێە کۆمپیوتەرەکەت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە سیدیەکی بەتاڵی تێبکەیت. پاشان Next کرتە بکە.

سووتاندن دەست پێدەکات




چەند چرکەیەک چاوەڕوانبە، پاس تەواوبوون پەنجەرەیاکی وەک ئەمەی خوارەوە دێتە پێشی




3> ئەگەر بتەوێ ڕاستەوخۆ ئە پەرگانە بسووتێنیتە سەر سیدیەکی دیکە، دەتوانی خاڵی Yes, Write these files to another CD چالاک بکە، ئەگینا وەک خۆی بیهێڵەوە.

Finish کرتە بکە بۆ تەواوبوون.

کۆتایی

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت